# پەیام بۆ "هەواڵ" و یەکێتی نیشتمانی کوردستان !

هەفتەنامەی "هەواڵ" لە ژمارە 138دا باسێکی عەجایبی کردوە لەسەر مانگرتن و خۆپیشاندانی گشتی خەڵکی شاری ڕانیە لەڕۆژی 21ی حوزەیراندا. لەم ریپۆرتاجەدا، کەسێك ئاگاداری کوردستان و "هەواڵ" نەبیت، وادەزانێت " هەواڵ" لە گەل خەڵکی ڕانیەدایەو تەنها موخالفی ئەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە، کە موخالیف بوون بۆ ئیمە ئاسایی ترین دیاردەیەکە کە ببێت لەلایەن هەر هیزو لایەنێکەوە، ئەوە موخالفەی " "هەواڵ" جێگای ئیفتخاریشە. لەم راپۆرتەدا"هەواڵ" بۆتە خەمخۆری خەڵکی ڕانیەو باسی دابینکردنی هۆڵو سینەماو شەقامی قیرو شەستی و... شتی لەم بابەتە دەکات. بەڵام پێش 21ی حوزەیران" هەواڵ"و پەیامنێرەکانی بەو هەموو ئیمکاناتەی بەردەستیان کە لە پاروی دەمی خەڵکی کوردستان دەگیرێتەوە، لەکوێ بون؟ بۆ پێش ئەوە فزەیان لیوە نەهات؟ بۆ باسیکیان نەبوو لەسەر خواست و ویستی خەڵکی ئەمشارە؟ ئەی بۆ باسیك ناکات لەگەندەڵی ئیداری شوینەکانی ترو ناوی ئەوکەسانە نابات کە بەشەوو رۆژیك بون بەکوڕو خاوەنی ملیونەها دۆلارن لە شەدەڵەوە تاکو تاسلوجەو قلیاسان و چەمی تانجەرۆو ریگای عەربەت – سلیمانی و دوکان و ناوشاری سلێمانی دەیان پارچە زەوی و باخیان بۆ خۆیان کۆنترۆل کردوە؟ یان دەبێت خەڵك ڕابپەرێت ئینجا " هەواڵ" خۆی بکات بە خەمخۆر ! بۆئەوەی هەوڵی ئیحتواکردنی بدات.

بەڵام ریپۆرتاجەکەی "هەواڵ" تەنها باسی ڕانیە نیە، بەڵکو باسی ڕانیە بۆیە کراوە چونکە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق ڕۆڵی هەبوە لەم خۆپیشاندانەداو "هەواڵ" نیازی وایە ئەم ڕۆڵە بسڕێتەوە، ئەمە ئامانجی نوسینی ڕاپۆتەکەی "هەواڵ"ە و بۆیە تیترێکی تایبەتی بۆ داناوە لە ژێر ناونیشانی" پەیام بۆ ریبوار ئەحمەدو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق". بەڵام بۆچی لە هەر شوێنێکی کوردستان مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی هەبێت، دەبێت حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لەگەلیدا " دوانە" بێت؟ بۆچی لەگەل هەر ناڕەزایەتیەکدا دەبێت، ناوی ڕابەران و کادرانی ئەم حزبە بێە ریزی پێشەوە یان لەلایەن ئاسایشەکەی " هەواڵ"وە زیندانی بکرێن، ئەی ڕیبوار عارف لە سەر چی گیرا؟ ئەی "هاوبەش داود" لە قەلادزێ لەلایەن ئاسایشەوە دوای ڕاپەرینی 21ی حوزەیرانی شاری ڕانیە بۆچی زیندانیکراو پاش ئازادکردنیشی موبایلەکەیان ڕۆژێك بۆ حیجز کرد؟ وەلامی ئەم پرسیارانە جێگای ئیفتخارو شانازی ئێمەیە، ئیمە لەگەل خواست و ویستی خەلکداین، بەرنامەو سیاسەتی ئیمە هەر ئەوەیە. موچەی بەرزو خۆشکوزەرانی، ئازادی سیاسی و داخستنی دەزگاکانی سەرکوت، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕەخنە بە بێ قەیدو شەرت، شەقامی قیرتاوکراوو کارەباو ئاوی بەردەوام، دەیان هۆڵی وەرزشی و کۆمپیوتەری و مۆسیقاو وەرزشی کچان و کورانی لاو، دەیان کتیبخانەو هۆڵی مەلەی کچان و کوران، ....ئەوە کۆمۆنیزمی ئیمەیە، وە جێگای ئیفتخاری ئێمەیە.

بەڵام ئازاد ئەحمەد، کە خۆی خەڵکی شاری ڕانیەیە، لەلایەن خەڵکەوە، وە دواتر لە لایەن نوێنەرانی خەڵکەوە، کرا بە نوێنەری شاری ڕانیە، مەدالیای نوێنەرایەتی خەڵکی ئەمشارەی وەرگرت، وە قسەکەری خەلکی ئەم شارە بوو لە بەرانبەر بەرپرسانی حزبی و ئیدارەی شاری ڕانیەدا. واقعیەتی ئەوەی ئازاد ئەم میدالە وەردەگرێت، نیشانەی واقعیەتێکی فراوانترە کە لەسەروە ئاماژەم پێکرد، ئازاد ئەحمەد یەکێکە لە ڕابەرانی ئەم حزبەو ئەم حزبەش جگە لە دابینکردنی داوکاری و خواستەکانی جەماوەر شتێکی تری نیەو خواستێکی تری نیە، ئەم حزبە بۆیە هەیە، کە ببێتە پەرچەمی ئەوانەی لەسەرشەقامەکان مانیان گرتوەو خۆپیشاندانیان کردوە، بۆیە هەیە کە لە پێناو بەرژەوەندی زۆربەی زۆری خەڵکدا خەبات بکات و تاسەر پاریزەری بەرژەوەندی ئەوان بێت. بەم پێیە ئازاد ئەحمەد بەجیا لەوەی چۆن بەشداری کردوە، خۆی کەسایەتیەکە کە متمانەی شاریك وەردەگرێت، بەلام شاریك بۆ متمانە دەدات بە ئازاد ئەحمەد؟ "هەواڵ" لەم باسە باش تێدەگات، بەڵام ئیشەکەی شتێکی ترەو پێویستی بەوەهەیە، ئازاد ئەحمەد لەم هاوکێشەیە دەربکێشێت. باسی "هەواڵ" بێبەریکردنی جەماوەری ڕانیەیە لە نوێنەران و ڕابەرانی واقعی و ڕاستەقینەی خۆیان. باسی"هەواڵ" ئەوەیە کە رۆژی 21ی حوزەیران لەزەینی خەڵکی ئەمشارەدا بسڕێتەوەو تەسلیمی "دەستەی هاوکاری" بکاتەوە. بەلام دەستەی هاوکاری لە رۆژی 21ی حوزەیراندا هەموو هەوڵی ئەوەبوو، کە مانگرتنەکە نەکرێت و خۆپیشاندان ڕوو نەدات. ئەوان بانگەوازیان کرد، بەڵام ڕابەری مانگرتن و خۆپیشاندان نەبون، ئەوان نوینەرانی خەلك نەبون لەمڕۆژەداو خەڵك نوینەرانی خۆی هێنایە مەیدان و ناردنیە ژوری بەرپرسان و ئەوانیش هەموویان متمانەی خۆیان دایە ئازاد ئەحمەد.

بەڵام خۆپیشاندان و مانگرتنی شاری ڕانیە وەکو "هەواڵ" دەڵێت شێوەیەکی شارستانی هەبوو. ئەمەیان ڕاستە. بەلام کەی وە لەکوێ مانگرتن و خۆپیشاندانی خەڵکی کوردستان ئەم فەرهەنگە زال نەبوە بەسەریدا؟ ئەوەی کە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان دەکاتە فەوزاو گێرە شیویێنی و تەنانەت کوشتن وەکو کوشتنی "بەکر عەلی"و تەقەکردن لە خویندکارانی زانکۆ کێیە؟ " هەواڵ "وەلامێك.

بۆیە ئەوەی ڕێبوار ئەحمەد نوسیویەتی و ناوی ئازاد ئەحمەدی هێناوە لە پێشەوە، باسی ڕابەرایەتی و نوێنەرایەتی خەڵکی شارێکە باس نیە، لەناوی کەسێك کە ناوەکەی " ئازاد ئەحمەد"ە. ریبوار ئەحمەد، ناوی ئازاد ئەحمەدی نەدەنوسی ئەگەر ئازاد ئەحمەد متمانەی نوینەرایەتی خەلکی ئەمشارەی پێنەبڕایە، یان هەمان پەمامی دەنوسی ئەگەر کەسێکی تر ئەو متمانەیەی پێببڕایەو ناوی ئەو دەخرایە

جیگای ئازاد، باسی ڕیبوار ئەحمەد باسی هاتنە مەیدانی خەڵكو دابینکردنی ویستو خواستەکانی ئەوانە، بەڵام ریبوار ئەحمەد خاوەنی حزبێکە کە لەگەڵ هەموو ناڕەزایەتیەکدا ناوی دێت.

خەڵکی شاری ڕانیە کلیلی قفلێکی تریان کردەوە. بەلام دابینکردنی خواستەکانیان بەندە بە دەستگرتنو هاوپشتیکردنو متمانە پێدانی بەردەوام بە ڕابەرانو نوێنەرانی رۆژی 21ی حوزەیران، بە ئازاد ئەحمەدو ئەوانی دیکە، ئەمە تەنها ڕیگای زامنکردنی تەواوی خواستەکانیانە.

**سامان کەریم**

**بەرپرسی ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2005/7/4